**کۆپیەک بۆ سەرۆک وەزیران ئینگڤار کارلسۆن**

**وەزیری دەرەوە ستێن  ئەندەرسۆن**

**١٠٣٣٣ ستۆکهۆلم**

**لوند ٢٥ ئاب ١٩٨٧**

بەڕێز ستێن ئەندەرسۆن

لە ڕێککەوتنامەیەکی داهاتووی ئاشتیدا، سەبارەت بە شەڕی نێوان عێراق و ئێران، پێویست بوو پرسی ئەوەی کە دەکرێت چی بەسەر نەتەوەی کورد بێت، ببێت بە بابەتێکی گرینگی دانوستانەکان.

لە هەر یەک لە عێراق و ئێران گروپە کوردییە بەرگریکارەکان تێکۆشاون لە دژی ڕژێمە فەرمانڕەواکان. ڕەوشی دژوار و خەباتیان لە پێناو بڕیاردان لەسەر مافی قسەکردن  بە زمانی خۆیان و مومارەسەکردنی کولتوری خۆیان خراپ سوودی لێوەرگیراوە، بەتایبەتیش لە عێراق کوردە یاخیبوەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە شەڕی نێوان هەردوو وڵات.

پاش بەستنی ڕێکەوتنامەیەکی ئاشتی، دەکرێ عێراق و ئێران سەرنج بخەنە سەر کێشە ناوەخۆیەکانیان و ئەوکات گەلی کورد مەترسی ئەوەی دەکەوێتە سەر کە دووچاری توندوتیژی زیاتر ببێتەوە، تا ئاستی تۆڵەسەندنەوە. ئەمەش تەنها دووچاری کوردە جەنگاوەرە یاخیبوەکان نابێتەوە، بەڵکو کوردە بەتەمەنەکان و ژنانیش دەگرێتەوە، هەروەها منداڵانیش دەبنە قوربانی کردەوەی تۆڵەسەندنەوەی ڕژێمەکان. لەم ئاڕاستەیەدا عێراق پێشوەخت دەستیکردووە  بە ڕاگواستنی کوردەکان بە زۆرەملێ لە گوند و شارەکانیان بەرەو ناوچە بیابانییەکانی باشوری عێراق.

ئەگەر نەتەوەی کورد جارێکی تریشفەرامۆش بکرێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوداخات لەم بارەیەوە و لێگەڕێت کە ئەم چەوسانەوەیە بەردەوام بێت، ئەوا هەرگیز ئاشتیەکی بەردەوام و جێگیر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نایەتە کایەوە، بە تایبەتیش لەو ناوچانەی کە کوردەکان تێیدا دەژین.

گەلی کورد نوێنەرایەتی دیبلۆماسی نیە لە نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تر، بۆیە داخوازییەکانیان بۆ دادپەروەری و مامەڵەکردنێکی مرۆڤدوستانە پێویستە بە شێوەیەکی تر بەرز بکرێتەوە. بۆیە من ئەو ئازادیە بەخۆم دەدەم کە ڕاستەوخۆ ڕوو بکەمە حکومەتی سویدی. حکومەتی سوید هەلومەرجی لەبارە و بواری ئەوەی هەیە کە ئەم پرسە لە نەتەوەیەکگرتوەکان بخاتە ڕوو و داوابکات کە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد پارێزراو بێت لە دانوستانەکانی ئاشتی داهاتوودا.

لەگەڵ ڕێزدا

بورهانەدین یاسین

شێمنرش ڤێگ. ١٣ :١٠٧٠

٢٢٢٤٦ لوند

هاوپێچ: کوردستان، زۆنێکی جیاکراوەی ئاشتی پارێز

## کوردستان . زۆنێکی جیاکراوەی ئاشتی پارێز

سەرەرای هەوڵە ناوبژیوانییەکان لەلایەن ئۆلوف پالمێ، نەتەوەیەکگرتوەکان، کۆنگرەی ئیسلامی و ولاتانی بێلایەن و زۆری تر، شەڕی نێوان عێراق و ئێران هەر بەردەوامە. ئەمە نزیکەی حەوت ساڵە بەردەوامە. سەدان هەزار مرۆڤ کوژراون و زەرەرمەند بوون لە خوێن ڕێژییەکی بێمانادا، کە تێیدا هیچ یەک لە ولاتەکان براوەنەبوون. بەشداریکردنی زلهێزەکان ناکۆکیەکانی قوڵتر کردۆتەوە تا ئەو ئاستەی کە ئاشتی لە جیهان لەبەردەم هەڕەشەدایە.

بەشێک لە کوردستانی عێراق و ئێران شانۆیەکە بۆ شەر و ڕەوشی دژواری کوردەکان فاکتەریکی گرینکە لەو شەڕەی کە بەردەوامە، بە شێوەیەک کە دەبوو ڕەچاوی ئەوە بکرێت لە دانوستانەکانی ئاشتی داهاتوودا. ئاسایشی ناوخۆیی و نەتەوەیی عێراق و ئێران ناتوانرێت دەستەبەر بکرێت بۆ ماوەیەکی بەردەوام ئەگەر کێشەی کوردەکان چارەسەر نەکرێت.

نزیکەی ئەو ٢٠ ملیۆن کوردە، نەتەوەیەکن کە زمان و کلتوری خۆیان هەیە بەلام بەبێ دەوڵەتن. کوردستان ئەو ناوچەیەی کە کوردەکانی تێدا دەژین دابەشکراوە لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. هەروەها ژمارەیەکی زۆری کوردیش نیشتەجێن لە سۆڤیەت و لوبنان.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، لە سەردەمی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، کوردەکان بەڵێنیان پێدرا کە ببنە خاوەن دەوڵەتی خۆیان بە پێێ پەیمانی ئاشتی سیڤەر ١٩٢٠. ڕێککەوتنی لۆزان لە نێوان تورکیا و دەسەلاتە براوەکانبە مانای شکاندنی بەڵێنەکە بوو و سنورەکان ڕێک بەناو کوردستاندا کێشران. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە کوردەکان کەوتنە چەند ولاتێکی جیاوازەوە. لەبەر بوونی نەوت لە کوردستان ویلایەتی موسڵ، عێراق ناکۆکیەکان بەردەوام بوون تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی ١٩٢٦ دا ئەو سنورانەی کە ئێستا هەیە جێگیر بوون. بە دڵشکاویە گەورەکەی تورکەکان، ویلایەتی موسڵ کەوتە ژێر دەسەلاتی بەریتانییەکان و عێراق. کۆمەلەی نەتەوەکان دواجار سنورەکانی جێگیرکرد. بەم شێوەیە دوو دەرفەتی مێژوویی لەدەستچوو؛ کە دەولەتێکی سەربەخۆ بە کوردەکان بدرێت و هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا هەلومەرجەکان بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە لە دەستچوو.

ئەو خیانەتەی بەرامبەر بە کوردەکان کرا بووە هۆی شەرکردن لە پێناوی ئازادی کە بەردەوام بووە لە سالانی ١٩٢٠ەکانەوە. ئاسایشی ئەو ولاتانەی کە تێوەگلابوون هەردەم لەبەردەم

هەڕەشەدا بووە و هەرگیز پەیوەندیەکی ئاسایی لە نێوان تورکیا، عێراق، ئێران و سوریا نەتوانراوە دروست ببێت، تا ئەوکاتەی کە مەسەلەی کورد بێ چارەسەری مایەوە.

لە ریکەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥ ئێران و عێراق ڕێکەوتن کە شۆڕشی کورد لە عێراق کۆتایی پێبهێنن. عێراق دەستبەرداری چەندین شت بوو لە بەرامبەر ئەوەی کە ئێران هاوکارییەکانی بۆ کوردە شۆڕشگێرەکان ڕابگرێت، بەڵام هەر لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە، دوای شۆڕشی ئیسلامی، ئەو ریککەوتنە کۆتایی هاتبوو پاش هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران ١٩٨٠، دووبارە پێشمەرگە کوردەکان لەلایەن ئێرانەوە پێشتیوانیان پێدرایەوە. ژمارەی پێشمەرگەکانیان چەند بەرامبەر زیادیکردووە و لە ئێستادا هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ڕژێمی عێراق. هێرشیان کردۆتە سەر دامەزراوەکانی نەوت و پاشەکشەیان بە هێزی سەربازی کردووە، سەرکەوتنەکانیان دڵەڕاوکێی دروست کردووە لەلای وڵاتی تورکیای دراوسێشدا. هەموو ئەمانەش لە رەوشی جەنگدا رودەدات.

کاتێک تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەرفەتێکی دانوستان دەدەن بە کوردە شۆڕشگێڕەکان، لە کۆتایی دا دەکەونە ململانێ لەگەڵ یەکتری، یان دەگەنە ڕیکەوتنێکی کورتخایەن، کە تیایدا کوردەکان هەردەم بە تاوانبار دادەنرێن. بۆ نمونە تورکیا ڕێگەی پێدەدرێت کە هێرشی وشکانی و ئاسمانی بکاتە سەر عێراق بە بیانووی ئەوەی کە بەدوای کوردە شەڕڤانەکانەوەیە.

تورکیا سۆڤیەت تۆمەتبار دەکات بەهۆی ئەوەی کە هاوکاری گروپە شەڕڤانە کوردەکان دەکات، سوریا بەوە تۆمەتبار دەکات بەوەی کە لێگەڕاوە شەڕڤانە کوردەکان بنکەو بارەگایان هەبێت و لەوێوە هێرش دەکەنە ناو تورکیا. هەڵومەرجێک کە دەکرێت وەک سەرەتایەک بێت بۆ گرژی و پێکدادانێکی قوڵتر کە تێیدا کوردەکان پرسە جێناکۆکەکەن.

دیاریکردنی سنورەکانلە بیستەکاندا؛ کە نەتەوەی کوردی لێکدابڕاند، بەهۆی هەلومەرجە جوگرافیەکانەوە بە زەحمەت چاودێری دەکرێ و هاوکات زۆر هەستیارە. ئەمەش بۆتە بنەمایەک بۆ ململانێ؛ بۆ شەڕی ڕاستەوخۆ، وەک ئێستا لە نێوان عێراق و ئێران،  یاخود ململانێی تر کە کوردەکان تێیدا تێوە گلاون یان تێوەدەگلێندرێن لە داهاتوودا؛ لە نێوانی سوریا و عێراق، ئێران و تورکیا، سوریا و تورکیا، سۆڤیەت و تورکیا... ئەگەری مەترسییەکان زۆرن.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان بەم دوایانە، بە بڕیاری ژمارە ٥٩٨ داوای ڕاگرتنی شەری نێوان عێراق و ئێرانی کردووە. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا زلهێزەکان توانیان بگەنە کۆدەنگی لەسەر پرسێکی گرینگ کە هەنگاوێکی گەورەبوو بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی کەنداو. ئەوە دەبوو کۆتایی بەو کوشتارگەیە بهێنێ و لایەنە ناکۆکەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشن، بەڵام بە پێچەوانەوە لەهەمان کاتدا ئاشتیەکی نزیک بەواتای کارەساتێک بوو بۆ نەتەوەی کورد. کاتێک کە عێراق و ئێران چیتر ڕووبەڕووی یەکتر نابنەوە دەتوانن ئەو کاتە بە هەموو هێزی خۆیانەوە ڕووبەڕووی کورد ببنەوە. مەترسی کۆمەڵکوژیەکی هاوشێوەی ئەوەی کە ڕوبەڕوی ئەرمەنەکان بۆوە لە سەرەتایی  ئەم سەدەیە لە ئارادایە.

بۆ ئەوەی ڕێگری لە کارەساتێکی وا بکرێت پێویستە نەتەوەیەکگرتوەکان بەهێز و بڕیارەوە هەڵویستی خۆی نیشان بدات و نەتەوەی کورد بپارێزێت. ڕێکەوتنامەیەکی ئاشتی لە نێوان عێراق و ئێران دەکرێت، ئەگەر نەتەوە یەکگرتوەکان میانگیری بکات، دەکرێ بە مانای هەلێکی مێژوویی بێت بۆ چارەسەرکردنی "کێشەی کورد". کوردەکان پێویستە مافی ئەوەیان هەبێت کە زمانی خۆیان قسە بکەن، مومارەسەی کلتوری خۆیان بکەن و خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن. کوردستان دەکری ببێتە ناوچەیەکی بێلایەن کە هێزی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەرەتادا بەرپرسیارێتی ئاسایشی ئەو ناوچەیە لە خۆبگرن. کوردستانێکی بێلایەن کە مافی چارەی خۆنوسینی هەبێت بۆ گەلی کورد، دەتوانێ ببێتە ناوچەیەکی ئاشتی پارێز. بەم شێوەیە  دەکرێ هۆکاری ململانێکان و گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی هەستیار کەم ببنەوەو داوجار گەلی چەوساوەی کورد بە ئاشتی و ئاسایش بگات و جیهانیش ویژدانێکی ئاسوودەی هەبێت.

بورهانەدین یاسین لوند ١٩ ئۆگۆست ١٩٨٧

وەرگێڕانی لە سویدیەوە

تریفە سۆفی